# بەرگی دووەمی مەسەلەی توتنەکە

ئا: عەبدولخالق ئیبراهیم

بەرگی دووەمی مەسەلەی توتنەکە ، گێمێکی تری هەمان دەوران، لە نووسینی ستران عەبدوڵڵا بە قەبارەی (500) لاپەرە لەلایەن چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامییەوە بەچاپگەیەنراوە، نووسەر لە پێشەکی هەردوو بەرگەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە مەسەلەی توتنەکە ئەو نوسین و وتارانە روومالی نێوان سالانی (1993 – 2010) کردووە کە لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا لە کوردستان بلاویکردوونەتەوە، وەك خۆشی دەڵێت "بۆ ئەم دوو بەرگە ئەو بابەتانەم هەلبژاردووە کە گرنگن و، هەندێك لەو بابەتانەشم لابردووە لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی کە بە شیاوم زانیوە، هەرچەندە رۆژێکیش دێت ئەوانەش چاپدەکرێن و دەکەونە بەر نەشتەری رەخنەو، نووسەریش دەڵێت بەهەموو حوکمێکی مێژوو رازیم".

بەرگی دووەمی مەسەلەی توتنەکە لە بەشی پێنجەمی ئەو نووسینانەی ستران عەبولڵا دەستپێدەکات کە چوار بەشەکەی تری لە بەرگی یەکەمدا بلاوکردەوە، بەشی پێنجەم کۆی ئەو نووسین و وتار و لێکۆڵینەوانە لەخۆدەگرێت کە لەماوەی نێوان ئابی 2004 بۆ کانوونی 2005 بلاوکراونەتەوە.

لە بەشی شەشەمی ئەم بەشەدا نووسەر ئاماژە(بارودۆخەکە بەم شێوەیە بوو) دەکات و لە نووسینێکدا نووسیویەتی "قەدەر وایە کە هەمیشە نەوەکان بەگلەیی بن لە نەوەکانی دی، هەرگیز لە چەرخێکدا نەوەی کۆن رازی نەبوون لە نەوەی نوێ و، هەروا بە پێچەوانەشەوە، لە نووسراوێکی کۆنی یۆنانیدا هاتووە، باوکەکان گلەیی ئەوە لە کورەکانیان دەکەن" کە بەهاو نەریتە کۆنەکانیان فەرامۆشکردووە، شێخ رەزا وتەنی "تری ئەولادی ئەم عەسرە" کەڵکی هیچی نەماوە، نووسەر لە بەشێکی ئەم نووسینەدا دەیەوێت ئەوەمان پێبلێت کە نەوەی نوێ ئەوەندەی گلەیی و رەخنەی لە نەوەی کۆن هەیە، نیو ئەوەندە پرۆژەو شتی نوێی پێشنیار نەکردووە بۆ نەوەی کۆن، تاوەکو سودێکی گشتی هەبێت، هەڵبەت نووسەر ئەم گۆشەیەی لە ساڵی 1997 دا نووسیوە....

ستران عەبدوڵڵا لە نووسینێکی تردا (لەسەر هەڤاڵێتی لە ئاستی جیهاندا) نووسیویەتی ئەندامێتی (ی.ن.ك) لە رێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال و هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەو رێکخراوە جیهانییە وێستگەیەکی ترە لە سەرکەوتنی خەباتی گەلانی رۆژهەلات لەرێی دیموکراسی، دادی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریدا .

